# گەشانەوەی شیعر لای هێرۆ کوردە

خالید کاوێس قادر



هێرۆ کوردە

لەدەرەوەی دەسەڵاتەکان وگەڕان بەدوای ڕاستییەکان و دونیای فراوانی مەعریفەتدا، کچۆڵەیەکی شاعیر و هەست ناسک دێت وگەمەیەکی دەستە و یەخە لەگەڵ هێزەکانی نەستدا دەکات وهەرچی ناوی دڕدۆنگی و شڵەژان وئیرەییە لەخۆی دادەتەکێنێ و لە ڕێگای شیعرەوە، وەک ڕزگارکەر لەو زەمەن وجیهانە نابووتەی ئەوی تێدا دەژێت، بەدوای مانا جوانەکانی ژیان دەگەڕێت و هەڵم و بۆی ژیانێکی تر هەڵدەمژێت و دوور لە پابەندبوون بەمەرجە پێشوەختەکانی داهێنان و چەپاندنی هەست و نەستەکانی و هەوڵدان بۆ کەشفکردنی نەبینراوەکان و دروستکردنی جیهانێک لە ماناو مەزنایەتییەک لەخودی شاعیردا لە ساتەوەختی داهێنان وئەفراندندا، لەڕێگای دەقە شیعرییەکانییەوە، هەودای خەیاڵ بەرەڵڵا دەکات و دزێوی وجوانییەکانی

ژیان لەچەندین ستایڵ ودەقی جیاوازدا بە ڕۆحییەتێکی ئێستاتیکییەوە دەخاتە سەر خوانی ئێمەی خوێنەر و هەر لەو میانەشەوە وەک کایەیەکی مێیینە، شیعر وەک فاکتەرێک لەڕێگای خەیاڵ وفیکرەوە بە ئێمە دەبەخشێ.

هێرۆ کوردە لە بەهاری ژیانیدایە و هێشتا قاڵبووی عورف و عادەتەکانی کۆمەڵگەکەی نەبووە و ڕەهەندەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەچاوی هەڵسەنگاندن تا ڕادەی کامڵ بوون ناخوێنێتەوە و تەنیا لەڕوانگەیەکی ڕۆمانسییانەوە، وێنەی شتەکانی دەوروبەری دەکات وئەودیوی ململانێکانی ژیان و مرۆڤایەتی و وەهمەکانی بوون ونەبوون لای ئەو تەنیا ڕەهەندێکی تراژیدییانەی هەیە و گەڕانەوەیەک نییە بۆ واقیع، ئەو واقیعە تاڵەی لەو دیووی تێکشکاندنی ڕاستییەکانەوەیە.

گرفتێکی ئەمڕۆی توێژینەوە ئەدەبییەکانی ئێمە لەوەدایە، دەمانەوێت یان دەخوازین هەموو دەنگە شیعرییەکان لێکدی بچن، هەموو میوەکان یەک تام و بۆن بدەن، هەمووجۆگەلەکان بچنەوە یەک ڕووبارێ، کەچی خودی شیعر ئەو کاتە قاڵب و شێوازێکی جوان وەردەگرن، کە دەنگەکان لێکدی جودابن خوانی ماڵی شیعری کوردیمان بەچەندین دەنگ و ستایلی جودا جودا بڕازێنینەوە.

هەر ئەم تێڕوانینە سەقەت وکورتبینەشە وای کردووە، ئەدەبیاتی ئێمە پاشکەوتە بێ و لەچاو ئەدەبیاتی جیهانی هەنگاوی باش نەهاوێژێ و هەڵسەنگاندنەکانیشمان بە هەمان تێڕوانین و ئاقار دەبەین و یەک یەکدی ڕەت دەکەینەوە.

**تەنیایی و مەراق لەمندا هەڵ دەکات**

**تەنیایی خەونە ئەرخەوانییەکانی مناڵیمی ڕەش کرد**

**ڕەشتر لە ڕەشی شەوە پڕ تەنیاییەکانم**

(وەرزی تەنیایی و چاوەڕوانی)

بەگەڕانەوەیەکی فلاشباکانە لەهەناوی ئەم دەقەوە بۆ ژیانی تایبەتی خودی شاعیر، وەک ئەوەی لە نزیکەوە دەیناسم و لەو ڕایەڵە ڕوئیاییەوە ئەم وێنە شیعرییە بخوێنمەوەو ڕەهەندەکانی شیتەڵ بکەمەوە و مەرجەعییەتێک بدەم بەم دەقەو لەو ڕوانگەیەوە نمایشەکانم تۆمار بکەم، شاعیر لەکەش و هەوای خێزانێکی بێ باوک (واتە چێژی باوکایەتی لەقۆناغەکانی گەشەکردنی تەمەنەوە لە دەست داوە) بەو مانایەی لەزەمینەی سروشتی ژیانی باوکایەتی مەحرووم بووە و هەمیشە

هەست بەتەنیایی دەکات، تەنیاییەک منداڵیشی ڕەش کردووە و لەشەوە ئەنگوستەچاوەکانیش ڕەشتر.

ئەم مەحرومییەتەی زارۆڵەیەک لە تام و چێژی باوکایەتی، شۆڕمان دەکاتەوە بۆ نێو کایە بەرجەستەکان و خوێندنەوەیەکی تر بۆ شفرە و ماناکانی دەق.

شاعیر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، لەپڕێکدا وەک خەون، باوکی ماڵئاوایی لەژیان دەکات، ئەم ناسنامەی مردن وجیابوونەوەیە، ئەو هەستەی لای شاعیر دروستکردووە کە یادەوەری ڕابردوو بەرلەوەی ژیان بێت لای ئەو، مردنە، مردنێک تووشی نیگەرانی و نامۆیی کردووە و لەگەڵ ژیانی نەشونما دەکات و لێکترازانێکی ڕۆحیی دروست کردووە و بەپەنهانی خزاوەتە نێو نەغمە و خەونەکانی شاعیرەوە.

**لە سۆنگەی ئەم مردنە هەست بزوێنە**

**فێربووم مەرگم وەک ژیان خۆشبوێ**

**وەرە... هێواش... هێواش**

**ورد ورد**

**سەمایەک بۆ ئەم مردنە بکەین**

(سەمایەک بۆ مردن)

بۆ دەربازبوون لە ململانێی ژیان و مردن و دەرچوون لە قاوغی ئەو تووڕەبوون و هەڵچوونە کە ئەو دەیەوێت پێمان بڵێت : مەرگم وەک ژیان خۆش دەوێت، زۆربا ئاسا پەنا بۆ سەما دەبات، تا لە پرۆسیسی خەیاڵ وەئاگا نەیەتەوە و لە پووچەڵییەکانی ئەم ژیانە نابووتە ڕزگاری بێت.

شاعیر کاریگەر بە (فروغی فەرەخزاد) هەوڵ دەدات لە ڕێگای بەیانکردن و خستنە ڕووی ئیحساسگەلەکانی خودی خۆیەوە، دونیای هەست و ئیحساساتی مرۆڤەکانی دەوروبەری و لە پانتایی کۆمەڵێک وێنەی ڕۆژانەوە تۆمار بکات، گەر هاتوو ئەو وێنە شیعرییانەش ڕووکەش بن بەلای ئەوەوە گرنگ نین و گرنگ ئەو ئامانجە شعورییەیە کە شاعیر دەیەوێت بیپێکێ، چونکە دەسەڵاتەکانی شاعیر بەسەر زماندا هەر هێندە بڕ دەکات و تا ئەو ئاقارەش بڕ دەکەن و هەمیشەش لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدایە، بۆ دۆزینەوەی وشەگەلێک نەوتراو بێت، بەڵام دەسەڵاتەکانی زمان و تەجاوز نەکردنی ئەو کێشە و تەنگژە زمانەوانییەی تێی کەوتووە، هەر ئەوەندە ماوەی دەدەنێ دەقەکانی دابڕێژێتەوە، ئەمەش هەرگیز ناچێتە خانەی کەمایەسییەوە بۆ

خـودی شـاعیـر، چونکە ئەو لە هەوڵدانێکی هـەمیـشـەییـدایە بۆ دۆزینەوەی ڕسـتـەی نوێ و درەوشانەوەی نوێ و ئەمەش جورئەت و بڕوا بەخۆبوونی شاعیرە بە توانا و بەهرەکانی خۆی.

**ئێوارەیەک هەر پێت دەگەم**

**لە ناو هەموو گوناهەکان**

**لە ناو هەموو کوفرەکان**

**دەتناسمەوە**

**هەر دێمە میحرابی چاوە بێدارەکانت**

**سنووری هەموو ترسەکان دەبەزێنم**

**تا چیتر پێم نەڵێی**

**تۆ کچێکی ترسنۆکی**

(وەرزێکی نوێ)

یەکێک لە پرەنسیپەکانی بەرەو شارستانییەت بوون و تێکشکاندنی قاڵبە باوەکانی دوێنێی کۆمەڵگە، کردنەوەی دەرگاکانی دەسەڵاتگەراییە بۆ گوتار و مانایەکی نوێ و بیرکردنەوەیەکی تازە، ئەم تێڕوانینەش بە گشتی لە نێو شاعیرانی ئەمڕۆماندا باوە و هەر ئەم قاڵاکردنی دەرگایانەش وای کردووە کە چەندین دەنگ و دیاردەی تازەی شیعریمان بەرچاو بکەوێت.

هێـرۆ کـوردە وەک ئەوەی لە نزیکەوە خـوێندبێـتـمـەوە، کـە (٣-٤) سـاڵە بـە گـەرم و گـوڕی دەنووسێت و بەرهەمەکانی لێرە و لەوێ بڵاو دەکاتەوە، هەمیشە وەک جەنگاوەرێکی چاونەترس هەوڵ دەدات لەو سکێچ و قاڵبە کۆنکریتییانەی جەستەی دەق دەربازی بێت و ڕەهەندێکی تر لە ڕووی زمانەوە، کە بە ئەستەم دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێت، بەمانا ببەخشێ، بەو ئامانجەی کار لە ناوەوەی دەق بکات و نهێنییە شاراوەکان کەشف بکا.

بەڵام بەو هۆیەوەی ڕەهەندە مەعریفییەکانی زەمەنی خۆڕۆشنبیرکردن و زەمەنی نووسینەوەی شاعیر نمایشێکی لاوازە و بە تەواوەتی گەشەی نەکردووە و تا ئاستی پێویست شۆڕنەبۆتەوە بۆ جیهانە فراوان و فەزاکەی شیعرەوە، بۆیە دەبینین بەردەوام لە پەلەقاژەدایە بۆ دەربازبوون لە نێو ئەو مناڵدانە و بەدوای کایە مەعریفییەکانی خۆی دەگەڕێت.

**لەوێندەرێ هەموو شتێ دەچێتە سەر مەزهەبی مەرگ**

**لەوێندەرێ ویژدان عەیامێکی زۆرە نوستووە**

**لێرەش وڵاتێک کۆستی کەوتووە !!**

**لێرە بەهاریێ سەربڕاوە**

**لێرە ئەنفالێکیان خولقاند**

**وەک زامێکی هەمیشەیی**

**بە ڕۆحمانا ئالاوە**

(تـــــابووت)

چیـرۆکی مرۆڤـایـەتی، گەر ئادەم و حـەوا بەو ئاقـارەدا نـەچووبان، ڕەنگە دڵخـۆشـترین مـرۆڤ دەبوون لەسـەر گۆی زەوی، بەڵام وەچەیەکی وەک (قابیل) کە دەیویست هـەموو شتێ بۆخۆی بێت، تەنانەت لەسـەر لاشـەی براکەشی، کە ئەمەش یەکەمـین چەخماخـەی شەڕانگێزی بوو، لە یەکەمین مـرۆڤی ئـەم سـەردەمـە، ئـەم چڵـێـسـی و شـەڕانـگێـزییـەی (قـابیـل) پاش ملیـۆنـەها سـاڵ و ئاڵوگۆڕییەکانی ژیان و ململانێیـەکانی مرۆڤایەتی لەسـەر زەوی، لە گەشەسـەندنی تەکنەلۆژیای سـەردەم و هـەنگاوە مەزنەکانی مرۆڤـایەتی بەرەو کـرانەوەی شارسـتانییەتەکان، دڕندەیەکی وەک (سـەدام حـوسـێن) دەخـولقـێنێ و بە ئاوەزی پـووچەڵی خـۆی دەیەوێت بەناوی (ئایینەوە) ڕەگ و ڕیشـەی میللەتێک هـەڵکێشێ و هـەمـوو بەها جـوانییـەکان و ڕەونەقەکانی ژیان تەفروتونا بکات و وەک دڕندەیەکی نەخۆش، وێنەیەکی ناشرین و قێزەوونی مرۆڤایەتی بێت.

ئەم مەرگەسـاتەی گەلێکی ستەمدیدەی وەک کورد، لە (تابووت) دا خـۆی زەق کردۆتەوە و لەسـەر مەزهـەبی مەرگ و مردنی ویژدان، بەهـاری میللەتێکی ستەمدیدە سەردەبڕن.

تراژیدیای ئـەنفـال، وەک مـەرگی (هـابیل) لە یەک تراژیدیا یەک دەگرنـەوە، ئەویش سـەندنەوەی مافی ژیانە لەکەسی بەرامبەر و وێنای مردنێکی توندو تیژی و بەربەریانەیە بەرامبەر ئەویدی.

**نازانم چۆن دڵت دێ..؟**

**ئەو ڕۆژانە لەبیر بکەی**

**تا گەیشتمە ژووانگەت**

**بەسەر خوێنی ڕژاوی سەر شەقامەکان**

**گوزەرم دەکرد و**

**بەسەر تەرما بازم دەدا و**

**به ته‌نیشت ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و**

**قڕێژکراو و مه‌رگ ڕێژکراودا تێ ده‌په‌ڕیم**

(له سیپاڵی ئه‌م سه‌فه‌ره وه‌ره ده‌رێ)

ئه‌م وێنه شیعرییه ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌و واقیعه‌یه دیارده‌ی تیرۆر له‌م وڵاته پیاده‌ی ده‌کات و که‌سانی سڤیل و بێگوناه ده‌بنه خۆراک و سووته‌مه‌نی ئه‌و دیارده‌یه‌ی جگه له کوشتن و فه‌نابوون، جگه له شێواندنی سیما جوانه‌کانی کۆمه‌ڵگه، هیچ ئامانجێکیان نییه و ژیان به‌ره‌و هامێزی پووکانه‌وه ده‌به‌ن.

شاعیر له پاڵ ئه‌م وێنه شیعرییه‌وه ده‌یه‌وێت، ئه‌و وێنه‌یه‌مان نیشاندات، که ڕۆژانه له شارێکی وه‌ک که‌رکووک به‌رچاومان ده‌که‌وێت و له ناویدا ده‌ژین و له میدیاکانه‌وه بۆ جیهان په‌خش ده‌کرێ.

جگه له هه‌ندێک له ده‌سه‌ڵاته‌کان، کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نییه‌ت ئه‌و دیارده دزێو و قێزه‌وونه هه‌زم ناکات و هه‌رکیزیش ئاره‌زووی شه‌ڕانگێزی و ململانێیه‌کی نییه، که ویست و خۆزیاکانی مرۆڤایه‌تی به‌ره‌و که‌نده‌ڵانی مه‌رگ ده‌بات و ڕووه نه‌ویستراوه‌کانی ژیانمان نیشان ده‌دات.

دیارده‌ی تیرۆر، شتێکی کاتییه‌و تێی ده‌په‌ڕێنین، ئه‌وی ده‌مێنێته‌وه وێنه جوانه‌کانی مرۆڤایه‌تییه، که به وه‌چه‌کانی ئاینده‌ی ده‌به‌خشین.

به شێوه‌یه‌کی شمولیانه، ئه‌و جورئه‌ته به‌خۆمان ده‌ده‌ین که بڵێین کرده‌ی نووسین لای هێرۆ کورده خولیایه‌کی کاتی نییه و قووڵایی خۆی وه‌رگرتووه و به به‌راوردیش له‌گه‌ڵ شیعره به‌راییه‌کانی ئه‌و هه‌قه به‌خۆمان ده‌ده‌ین که بڵێین، له گوڵزاری دونیای شیعری ئه‌مڕۆماندا پشکۆیه‌کی شیعرییه‌و به‌رده‌وام له گه‌شانه‌وه‌دایه و ئه‌و ئومێده‌ی تیا به‌دی ده‌کرێت له ئاینده‌یه‌کی نزیکدا، ده‌نگێکی شیعری کوردی بێت وئه‌و تام و چێژه‌ی شیعری ئه‌مڕۆمان ونی کردووه، ئه‌و بیگه‌ڕێنێته‌وه تام و چێژه‌که‌ی خۆی.

٢٠٠٧/١١/١٠

که‌رکووک